فێرکردنی زیاتری پێشنیارکراو :

نمونەی زیاتر

<u>نمونەکان لەبارەی چوونە ناو شانشینی خودا</u>

مەرجی چوونە ناو شانشینی خودا	مەتا ٧: ١٣- ١٤ ؛ مەتا ٢٢: ١- ١٤ ؛ لۆقا ١٤: ١٥- ٢٤
بەرپرسیارێتی چوونە ناو شانشینی خودا هەڵوێستی خودا بەرامبەر ونبوەکان لە شانشینی خودا	مەتا ١١: ١٦- ١٩ لۆقا ٧: ٣١- ٣٥ مەتا ١٦: ١- ٤ لۆقا ١٢: ٥٤- ٥٦ مەتا ٢١: ٢٨- ٣٢ لۆقا ١٣: ١- ٩ مەتا ١٢: ٤٧- ٥٠ لۆقا ١٥: ١- ٧ مەتا ١٨: ١٢- ١٤ لۆقا ١٥: ٨- ١٠ لۆقا ١٥: ١١- ٣٢

<u>نمونەکان لەبارەی ژیان لە شانشینی خودا</u>

خۆشەویستی زۆر لە شانشینی خودا	مەتا ١٢: ٤٣- ٤٥ لۆقا ١١: ٢٤- ٢٦ لۆقا ٧: ٤٠- ٥٠ لۆقا ١٠: ٢٩- ٣٧
ساکاری لە شانشینی خودا	لۆقا ١٤: ٧- ١٤ لۆقا ١٨: ٩- ١٤
لێخۆشبوون لە شانشینی خودا	مەتا ٥: ٢٥- ٢٦ مەتا ١٨: ٢٣- ٣٥

وانەی (١٣)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ١پاشایان

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (١پاشایان ٣، 11 ، 17 ، 18) گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) سروشتی کڵێسا : ١پەترۆس ٢: ٥

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن ، سروشتی کڵێسا: ١پەترۆس ٢: ٥ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) داوەتی پاشا یاخود داوەتی زەماوەند

"نمونەی داوەتی پاشا " لە مەتا ٢٢: ١- ١٤ تایبەتە بە **مەرجی چوونە ناو شانشینی خودا**

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و

ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو بابەتانەی باو و بڵاو بوون هەروەها ڕوداویی ڕۆژانەی بەکار دەهێنا لە پێناوی ڕاگەیاندنی نهێنیەکانی شانشینی خودا و ڕوناکیەکەی ، وە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

ئەم وێنەیە خاڵ بەخاڵ لە شەش ڕێبەری ڕێنماییەکاندا تایبەت بە لێکۆڵینەوەی نمونەکان (بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٩ ، پاشکۆی ١).

مەتا ٢٢: ١- ٤ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆ: ئەو بنەمایانەی ژیانی بەرچاوی ئێستامان کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان

ئەم نمونەیە پڕە لە واتاو مەبەستی گرنگ دەکرێ لە سێ بەشدا بیبینینەوە وەك سێ نمونەی گرێدراو لە یەك نمونەدا .

بەشی یەکەمی چیرۆکەکە تایبەتە بە ڕەتکردنەوەی داوەتی پاشا. ئەمەش لە هەردوو ئایەتی ٣- ٤ دایە . لە نێو جولەکەدا شتێکی ئاسایی نەبوو یەکەمجار داوەتی گشتی بکرێت و دواجار بانگهێشتی ئەوانە بکرێ کە یەکەمجار داوەت کراون ، ئەستێر ٥: ٨ ؛ ٦: ١٤ . لە ڕۆژگارەدا هەر کەسێ داوەتی پاشای ڕەتبکردایەتەوە قورسترین سزا دەدرا ، بۆیە (مەتا ٢٢: ٧) .

بەشی دووەمی چیرۆکەکە ئەوەیە هۆڵەکە پڕ دەبێت .

تێڕوانینی پاشا وابوو ئەوانەی سەرەکی بوون و لە سەرەتادا بانگ کران شایەنی ئەوە نین زۆر بایەخیان پێ بدرێ و سەرقاڵ بێت پێوەیان بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی زەماوەندێکی گەورە ساز بکات بۆ کوڕەکەی بۆیە کۆیلەکانی نارد بۆ هەموو ئەو شوێنانەی خەڵکی پیایدا تێپەڕ دەبن تاکو داوەتی هەموو ئەوانە بکەن کە دەیانبینن . ئیدی بەم شێوەیە هۆڵەکە پڕ بوو لە خەڵکی . ڕەنگە وا دەربکەوێت کە پلانی پاشا شکستخواردوە بەڵام هەرگیز شکست ناهێنێت !

بەشی سێ یەمی چیرۆکەکە تایبەتە بەو کەسەی جلوبەرگی زەماوەندی نەپۆشیوە .

کاتێ پاشا دێت و بانگهێشتراوەکان یاخود میوانەکان دەبینێ سەرنج دەداتە ئەو پیاوەی جلوبەرگی داوەتی نەپۆشیوە . بەڵگەی مێژوویی هەیە تەنانەت لە سەردەمەکانی دوای کتێبی پیرۆز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو کەسەی حەزی دەکرد چاوی بە پاشا بکەوێت لەسەری بوو ئەو جلوبەرگە بپۆشێ کە پاشا دەینارد بۆی ، مونەیەدا پاشا پێی وابوو هەموو میوانەکان جلوبەرگی زەماوەندەکەیان پۆشیوە . وە ئەو پیاوە هیچ بیانویەکی نەبوو بۆ نەپۆشینی جلوبەرگی زەماوەندەکە بۆیە پاشا فەرمانی کرد بە کردنە دەرەوەی بۆ تاریکی دەرەوە کە لەوێدا گریان و هاوارە !

<u>٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u> .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ٢١ و ٢٢ .

بانگراوندی ئەم نمونەیە هەفتەی کۆتاییە لە ژیانی عیسا و خزمەتەکەی لەسەر زەوی پێش لە خاچدانی ، عیسا چووە ناو ئۆرشالیم و زۆرێك لە خەڵکی پێشوازیەکی گەرمیان لێکرد وەکو مەسیای چاوەڕوانکراو ، ئەو پەرستگای پاك کردەوە و بازرگانەکانی دەرکردە دەرەوە ئەوانەی پارەیان دەدا بە سەرۆک کاهینەکان تاکو ڕێگەیان پێ بدرێت بۆ فرۆشتنی کاڵاکانیان لەو ناوچەیەداو گۆڕەپانی پەرستگاکە ! وە لە پەرستگادا نابیناو گۆجی چاککردەوە ئیدی خەڵکەکە هەلهەلەیان لێدەداو سردویان دەوتەوە و ڕایاندەگەیاند کە مەسیا هاتوە ، تەنها سەرۆک کاهینەکان و مامۆستایانی شەریعەت و پیرانی گەل پێشوازیان نەکرد لە عیسا لە ئۆرشالیم و پەرستگا و دڵیاندا . دوای ئەوەی عیسا نەفرەتی لە هەنجیرەکە کرد کە بێ بەر بوو هەروەها کە ڕوبەڕووی سەرۆک کاهینەکان و پیرانی گەلی ئیسرائیل بۆوە بە پرسیارکردن لێیان لەبارەی دەسەڵاتەکەیەوە ، عیسا سێ نمونەی باس کرد ، نمونەی دوو کوڕەکەو نمونەی کرێگرتە خراپەکارەکان و نمونەی داوەتی پاشا .

ئیدی بەم شێوەیە ڕوونە کە چوارچێوەی نمونەی داوەتی پاشا هەڵوێستی ڕابەرانی گەلی ئیسرائیل و پیرانیان کە بە خراپی مامەڵەیان کردو عیسایان ڕەتکردەوە و بەرهەڵستیان کرد ، ڕەتکردنەوەی عیساو شوێنکەوتەکانی لەلایەن ئەو ڕابەرانەوە بریتی بوو لەوەی ئەوان باوەڕیان نەکرد کە عیسای مەسیای چاوەڕوانکراوە ، هەروەها کارە پەرجوەکانی چاکردنەوەیان بەوە دانا کە بەهێزی شەیتان ئەو کارانە دەکات ئیدی خزمەتەکەیان ڕەتکردەوەو وەکو مامۆستای مزگێنیدان بۆ شانشینی خودا ، لەو هەفتەیەدا پلانیان دانا بۆ کوشتنی !

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا ٢٢: ٢- ١٣ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە مەتا ٢٢: 14 .

لە کۆتایی نمونەکەدا دەڵێ بانگهێشتکراوان زۆرن و هەڵبژێردراوان کەمن ، لەگەڵ ئەوەی مزگێنی دەدرێ بە ئینجیل لە زۆر شوێندا ئەم مزگێنیە دەگاتە زۆرێك لە خەڵکی بەڵام زۆربەی خەڵکەکە وەك ئەو پیاوە گوێدەگرن بەڵام باوەڕی پێناکەن وگوێرایەڵ نابن ، وە لە کۆتاییدا میراتگریی لە شانشینی خودا بەهۆی کۆشش ودەستکەوتی مرۆڤ نیە بەڵکو دیاری خوداو نیعمەتی خۆیەتی وە بە پێی یۆحەنا ١٥: ١٦ و ٢سالۆنیکی ٢: ١٣- ١٤ خودا خۆی خەڵکی هەڵدەبژێرێ و بانگیان دەکات.

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

لەبەرئەوەی عیسا شرۆڤەو ڕوونکردنەوەی نەکردوە بە وردەکاریەوە ، دەبێت وردەکاریە گرنگەکان و بنەڕەتیەکان دیاری بکرێن بە پشتبەستن بە چوارچێوەی بەشە هاوشێوەکانی نێو کتێبی پیرۆز .

شانشینی خودا .

کاتێ عیسا شانشینی خودا دەچوێنێ بە ...(مەتا ٢٢: ٢) دەیەوێ شتێك بزانێ لە ڕوداوەکانی ڕابردوو لەڕێگەی ماوەی دەسەڵاتدارێتی خودا لە پەیمانی کۆندا وە چی ڕوو دەدات لە ئێستادا لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی خودا لە ماوەی پەیمانی نوێ ، وە چی ڕوو دەدات بەدڵنیایی کاتێ قۆناغی کۆتایی دەست پێدەکات لە دەسەڵاتدارێتی خودا لە هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح .

پاشا ،

پاشا لە مەتا ٢٢: ٢ خودایە وە بەپێی ئایەتی ١٤ تەنها بانگ ناکات بەڵکو هەڵدەبژێرێ ئەم خاڵەش زۆر گرنگە .

کوڕ .

بەپێی مەتا ٢٢: ٢ کوڕ مەبەست لە عیسای مەسیحە چونکە کوڕی خودایە .

داوەتی زەماوەند .

داوەتی زەماوەند بە پێی مەتا ٢٢: ٢ بنەمایەکی سەرەکی وگرنگە لە نمونەکەدا ، وێنەیەکە بۆ بەرەکەتە مەزنەکانی تایبەت بە شانشینی خودا لە قۆناغی کۆتاییدا لە کاتی هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح بڕوانە بینین ١٩: ٧ . ئەم داوەتە وێنەیەکە بۆ خۆشی زەماوەند و بانگهێشتکراوان کە بانگ کراون دانیشن پێکەوە لەبەردەم خوانێك کە پڕیەتی لە خواردن لە هۆڵێکی فراواندا پڕ لە ڕوناکی ، لەم کەشەدا خۆشی و بەختەوەری باڵ دەکێشێ بەسەر خاوەن خوان وبانگکراوەکاندا . داوەتی زەماوەند گوزارشێکە لە کۆ بەپێی دەقی یۆنانی هەروەها لە تاك بەبێ جیاوازی ، بەراوردی ئایەتی ٢- ٤ بە ئایەتی ٨ بکە ڕەنگە شێوەی کۆ ئاهەنگ و زەماوەندەکە لە ڕاستیدا ئەوەی بێت کە زەماوەندی تایبەت چەندین ڕۆژی خایاندوە (دادوەران ١٤: ١٧) ئیدی خوان و چەندین ئاهەنگی لەخۆ دەگرت .

بانگکردنی سێ یەمی کۆمەڵەی یەکەم لە خەڵکی .

سێ بانگکردنی کۆمەڵەی یەکەم بۆ بانگکراوەکانە مەتا ٢٢: ٣ ــ ٤ ئەمەش بنامەیەکی سەرەکیە لە نمونەکەدا ئەم داوەتانە وێنەیەکە بۆ بانگکردنی گەلی ئیسرائیل لەلایەن خوداوە لە ماوەی پەیمانی کۆن تاوەکو هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح ، ئەم داوەتانە خۆشەویستی مەزن و خۆڕاگری زۆری خودا دەردەخات بەرامبەر بەوانەی خودا لە سەرەتاوە دەستی پێکرد لەگەڵیاندا (گەلی ئیسرائیل) ڕۆما ١٠: ٢١ هەروەها لە ئێستاشدا بەرامبەر بە جولەکەو نەتەوەکان ٢پەترۆس ٣: ٩ .

بانگکردنی یەکەم . بڕوانە پەیدابوون ١٢: ١- ٣ ؛ ٢٦: ٢٤ ؛ ٢٨: ١٣- ١٥ وە بەتایبەتی بانگکردنی موسا (دەرچوون ٣) . هیچ کام لەمانە بانگەوازەکانی خودایان ڕەتنەکردەوە .

بانگەوازی دوەم . بانگکردنی دوەم بنەمایەکی سەرەکی وگرنگە لە نمونەکەدا چونکە ئاماژەیەکە بۆ هەڵوێستی گەلی ئیسرائیل کە بە خراپی مامەڵەیان کرد بەرامبەر بە عیسا و بەرهەڵستیان کرد بۆیە بانگەوازی دوەم لەم نمونەیەدا بۆ کۆمەڵەی یەکەم لە کۆیلەکان ئاماژەیە بە شێوەیەکی سروشتی بۆ بانگەوازی خودا بۆ گەلی ئیسرائیل بەشێوەی چەند بارە لە ڕێگەی پێغەمبەرانی کۆنەوە لە پەیمانی کۆن ساموئیل و ئیلیا و ئەلیشەع و ئیشایا و یەرمیا و پێغەمبەرانی دیکە (مەتا ٢١: ٣٤- ٣٥) .

بانگەوازی سێ یەم . بانگەوازی سێ یەم هەروەها گرنگە لە نمونەکەدا چونکە ئاماژەیە بۆ بانگەوازی سێ یەمی خودا بۆ گەکی ئیسرائیل لە ڕێگەی یەحیای لەئاوهەڵکێش و عیسای مەسیح و قوتابیەکانیەوە (لۆقا ٩: ١- ٢ ؛ ١٠: ١- ٢) ، وە دواتر لە ڕێگەی ئیستیفانۆس (کردار ٦: ٨- ٧: ٦٠) وە پۆڵس (کردار ١٣: ١٣- ٥٢) . هەموو ئەم سێ بانگەوازانە ئاراستەی گەلی پەیمانی کۆن کرا (گەلی فەرمی ئیسرائیل) وتەکان ٤: ٩- ١٣ ، ٣٢- ٣٦ .

وەڵامدانەوەی خەڵکی بۆ بانگەوازەکەی پاشا . ئەم بنەمایە گرنگە هەروەها (مەتا ٢٢: ٥- ٧) بەشێوەیەکی گشتی ، گەلی ئیسرائیل لەماوەی

پەیمانی کۆن گوێیان نەگرت وە جولەکە لە ماوەی هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح بایەخیان نەدا بە بانگەوازەکەی پاشا چونکە گەلی ئیسرائیل زیاتر سەرقاڵ بوون بە کاروباری زەوی و بایەخیان دەدا بە بازرگانی و کشتوکاڵ زیاتر لە کاروباری ڕۆحی وەکو ڕزگاریی (لۆقا ١٤: ١٨ – ٢٠ ؛ ١٧: ٢٦- ٣٠) ، هەرچەندە پەرجوەکانی عیسایان بینی و فێرکردنەکانی عیسایان بیست لەگەڵ ئەوەشدا حەزیان نەکرد تۆبە بکەن وباوەڕ بهێنن مەتا ٢١: ٣١- ٣٢ .

لەڕاستیدا نمونەی خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ کۆیلەکانی پاشاو سوکایەتی پێکردنیان وکوشتنیان بنەمایەکی گرنگە لە نمونەکەدا وە سەرەکیە ، چونکە وێنەیەکە بۆ خراپ مامەڵەکردن گەلی ئیسرائیل لەگەڵ پێغەمبەران مەتا ٢١: ٣٥ – ٣٦ ؛ ٢٣: ٣٣- ٣٦ . هەڵوێستی دوژمنکارانەیان بەرامبەر بە عیسای مەسیح ، ئەگەرچی جولەکە بن یان نەتەوەکان هەروەها هۆکارە بۆ سزای هەموو بێ باوەڕان لە هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح .

سزای ئەوانەی ڕەتیان کردەوە .

ئەمەش بنەمایەکی گرنگە هەروەها مەتا ٢٢: ٧ . بڕوانە مەتا ٨: ١١- ١٢ ؛ ٢١: ٤١- ٤٣ ؛ ٢٧: ٥١ وە مەتا ١٠: ٥- ٦ بەراورد بکە بە مەتا ٢٨: ١٨- ٢٠ ئەمەش بەو واتایە نیە کە خودا بەتەواوەتی جولەکەی ڕەتکردۆتەوە ڕۆما ١١: ١- ١٠ چونکە ئەوانەی بانگەوازەکەیان قبوڵ کردو بەدەنگەوە هاتن و بەشداری زەماوەندەکەیان کرد زۆربەیان جولەکە بوون .

داوەت یان بانگەوازی کۆتایی بۆ کۆمەڵەی دووەم .

ئەمەش بنەمایەکی گرنگ وسەرەکیە لە نمونەکەدا مەتا ٢٢: ٨- ١٠ هەروەها بڕوانە ٢کۆرنسۆس ٦: ٢ ؛ باجگران وگوناهباران مەتا ٢١: ٣١- ٣٢ وە نەتەوەکان مەتا ٨: ١١ کە ڕابەرانی جولەکە زۆر ڕقیان لێیان بوو ،هەروەها بڕوانە مەتا ٢٤: ١٤ ؛ ٢٨: ١٨- ٢٠ ؛ ئیشایا ١٤: ٢٤، ٢٧ .

هۆڵەکە پڕ بوو لە باش وخراپ . ئەمەش بنەمایەکی گرنگە لە نمونەکەدا مەتا ٢٢: ١٠ لەکاتی هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح و مزگێنیدان بە ئینجیلی ڕزگاریی بۆ هەموو خەڵکی جیهان بێ ڕەچاوکردن و جیاوازی ڕەگەز و نەژاد و باری کۆمەڵایەتی ئیدی لەو کاتە بەدواوە هیچ گەل و نەتەوەو ڕەگەز ونەژادێك پێگەیەکی تایبەتی نەماوە لەبەردەم خودا وەك چۆن گەڵاتیە ٣: ٢٨ فێرمان دەکات وە نامەی کۆلۆسی ٣: ١١ بەڕوونی، بڕوانە مەتا ١٣: ٢٤- ٣٠ هەروەها مەتا ١٣: ٤٧- ٥٠ ؛ مەتا ٢١: ٣١ ؛ مەتا ٧: ٢١- ٢٣ ؛ مەتا ١٣: ٤١ ؛ ٢٥: ٣٢ !

پۆشینی جلوبەرگی زەماوەند .

ئەم بنەمایەش هەروەها سەرەکی و گرنگە لە نمونەکەدا مەتا ٢٢: ١١- ١٣ ، لەگەڵ ئەوەی نمونەکە ئاماژە ناکات بۆ جلوبەرگێکی تایبەت بە زەماوەند بۆ میوانەکانی ناوخۆی هۆڵەکە بەڵام بەڵگەیەکی تەواوەتی بوو لەو ڕۆژگارەدا چونکە ئەوانەی بانگ دەکران و پێگەیەکی کەم ونزمیان هەبوو لە نێو توێژ وچینەکانی کۆمەڵگەدا جلوبەرگێکی شیاویان نەبوو بۆ ئەم جۆرە زەماوەندانە وە ئاسان نەبوو جلوبەرگیان دەست بکەوێت مەگەر لەلایەن خاوەن زەماوەندەکەوە ، بڕوانە ڕۆما ١٣: ١٤ ؛ ئەفەسۆس ٤: ٢٤ ، ئەمەش مەرجە بۆ چوونە نێو شانشینی خودا .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی داوەتی پاشا یاخود داوەتی زەماوەند لە مەتا ٢٢: ١٤ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی "مەرجی چوونە نێو شانشینی

خودا " .
پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : دەبێت خەڵکی وەڵامدانەوەیان هەبێت بۆ بانگەوازی خودا و بۆ چوونە نێو شانشینی خودا وە دەبێت کە دەچنە نێو شانشینی خودا لەسەر بنەمای بیروبۆچوون ومەرجەکانی ئەوان نەبێت بەڵکو بەپێی مەرجی خودا ، وە هانی هەر مرۆڤێك دەدات کە بانگەوازی نیعمەت قبوڵ بکات و بێ بەش نەبێت لە شکۆ لەکاتێکدا کەسانی دیکە دەچنە نێوی و چێژی لێ دەبینن .

بەڵام دەبێت مرۆڤ ئەوەی لەیاد بێت ئەندام بوون لە کڵیسای بینراوی جیهان ئەندامێتی لە شانشینی خودای تاهەتاییدا مسۆگەر ناکات هەروەها ڕزگاریشی مسۆگەر ناکات ، ئەوەی مرۆڤ پێویستیەتی بۆ ڕزگاریی ئەوەیە عیسای مەسیح بپۆشێت ئەمەش دەیبات بۆ بێتاوانی و پیرۆزبوون وە بۆ نوێبوونەوەو گۆڕانیی تەواوەتی .

چوونە نێو شانشینی خودا بە مەرجی خوداوە یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی شانشینی خودا .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوەو فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگاداربە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ڕووی هاوشێوەیە کامەیە کە ئەم بەشە کتێبیە فێرمان دەکات لە نمونەی ڕابەری نابینادا ؟

بەراوردی سێ نمونەکە : نمونەی دوو کوڕەکە ونمونەی کرێگرتە خراپەکارەکان و نمونەی داوەتی پاشا .

مەتا ٢١: ٢٨ – ٣٢ ؛ مەتا ٢١: ٣٣ ؛ مەتا ٢٢: ١- ١٤ بخوێنەوە .

ئەم سێ نمونەیە کە بریتین لە دوو بەشی ٢١ و ٢٢ لە ئینجیلی مەتا ، نمونەی" دوو کوڕەکە " کە هاتوە لە مەتا ٢١: ٢٨ – ٣٢ فێر دەکات ئەوانەی یاخی بوون لە ڕاسپاردەی خوداو نێردراوەکانی وەکو یەحیای لەئاوهەڵکێش ڕەت دەکەنەوە ناچنە نێو شانشینی خودا ، وە نمونەی کرێگرتە خراپەکارەکان کە لە مەتا ٢١: ٣٣- ٤٤ هاتوە فێر دەکات ئەوانەی پێغەمبەرانی خودایان ڕەتکردەوە و سوکایەتیان پێکردن و کوڕەکەیان کوشت کۆتاییەکی ترسناك چاوەڕێیان دەکات و بێبەش دەبن لەهەر دەرفەتێك و هەموو دیاریەکانیان لێ دەسەندرێتەوە و دەدرێت بە خەڵکانی دیکە ، وە نمونەی داوەتی پاشا ، ئەوانەی بانگەوازی خودایان ڕەتکردەوە تیادەچن وە جولەکەو نەتەوەکان ئەوانەی ڕابەرانی ئایینی جولەکە ڕقیان لێیان دەبۆوە دێن و دەچنە نێو شانشینی خوداوە (کڵێسا) لەگەڵ ئەمەشدا خودا داوا لە هەموان دەکات جولەکەو نەتەوەکان جلوبەرگی زەماوەند بپۆشن !

بۆچوونی خودا لەبارەی گەلی ئیسرائیل لەپەیوەندیان بە نەتەوە بتپەرستەکانی تر‌ەوە .

مەتا ٨: ١١- ١٢ ؛ ٢١: ٤١- ٤٤ بخوێنەوەو مەتا ١٠: ٥- ٦ بەروارد بکە بە مەتا ٢٨: ١٨- ٢٠ هەروەها یۆحەنا ١٠: ١٤- ١٦ ؛ کردار ١٠: ٢٤- ٣٥ ، ٤٢- ٤٣ ؛ ڕۆما ٨: ١٧ ؛ ٢کۆرنسۆس ١: ٢٠ ؛ گەڵاتیە ٣: ٨- ٩ ؛ ٣: ٢٣- ٤: ٧ ؛ ئەفەسۆس ٣: ٤ – ٦ ؛ کۆلۆسی ٣: ٩- ١٢ ؛ ١پەترۆس ٢: ٤- ١٠ ؛ بینین ٥: ٩- ١٠ بخوێنەوە .

لەماوەی پەیمانی کۆن خودا گەلی ئیسرائیلی هەڵبژارد و چەندین دیاری ناوازەی پێ بەخشین زیاتر لە هەر گەلێکی تر لە جیهاندا ڕۆما ٩: ٤- ٥ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١١- ١٢ تا کاتی هاتنی یەکەمی مەسیح گەڵاتیە ٣: ١٨- ٤: ٢ ئیدی مردنی عیساو هەستانەوەی ئەو دیوارو بەربەستەی ڕوخاند لە نێوان جولەکەو نەتەوەکاندا ئەفەسۆس ٢: ١٣- ٢٢ ؛ کۆلۆسی ٢: ١٣- ١٤ ؛ ٢کۆرنسۆس ١: ٢٠ ؛ ١پەترۆس ٢: ٤- ١٠ ؛ پەیدابوون ١٥: ٦ ؛ یۆحەنا ١٤: ٦ ؛ کردار ٤: ١٢ ؛ ئەفەسۆس ٢: ٨- ٩ ؛ ٢کۆرنسۆس ٣: ٧- ١٦ ؛ کۆلۆسی ٢: ١٧ ؛ عیبرانیەکان ٨: ٥ ؛ ١٠: ١ ؛ ڕۆما ١٦: ٢٥- ٢٦ ؛ ئەفەسۆس ٣: ٤- ٦ ؛ ١پەترۆس ١: ١٠- ١٢ ؛ ٢پەترۆس ١: ١٩ بۆیە ناکرێت ڕاڤەی پێشبینیەکانی پەیمانی کۆن بکرێت بە بێ ڕاگەیاندنی پەیمانی نوێ !

واتای پۆشینی جلوبەرگی زەماوەند .

٢پاشایان ١٠: ١٨- ٢٢ ؛ بینین ١٩: ٧- ٨ بخوێنەوە بەڵگەمان لەبەردەستدایە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی ڕوداوی سەرەتای کتێبی پیرۆز کە خەڵکی ئەو کات جلوبەرگیان دەپۆشی بۆ ئامادەبوون لە داوەتی شاهانە ، لۆقا ١٤: ٢١- ٢٣ .

ئیشایا ٦٤: ٦ ؛ کۆلۆسی ٣: ٥- ١٤ ؛ گەڵاتیە ٣: ١٦، ٢١ ؛ یۆحەنا ٦: ٢٩ بخوێنەوە .

هەروەها ئەیوب ٢٩: ١٤ ؛ ئیشایا ١١: ٥؛ ٦١: ١٠ ؛ ڕۆما ١٣: ١٤ ؛ گەڵاتیە ٣: ٢٧ ؛ ئەفەسۆس ٤: ٢٤ ؛ بینین ١٩: ٧- ٨ ؛ بینین ٧: ١٤ ؛ ئەفەسۆس ٤: ٢٤ ؛ ڕۆما ١٣: ١٤ ؛ گەڵاتیە ٣: ٢٧ ؛ ١کۆرنسۆس ١: ٣١ ؛ ٢کۆرنسۆس ٥: ٢١ بخوێنەوە . جلوبەرگی زەماوەند هێمایەکە بۆ ڕاستودروستی خودا بە واتا یاساییەکەی و بە واتا وشەبەندیەکەی و کردارەکی هێمایە بۆ ئەو ڕاستیەی کە خودا ڕاستودروستی خۆیمان دەداتێ تاوەکو بە بێتاوان وڕاستودروستمان دەزانێت و وەکو بێتاوان مامەڵەمان لەگەڵ دەکات بۆئەوەی بژین بە ژیانێکی ڕاستودروست و چاك .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

مەرجی چونە بۆلای خودا کارێکە تەنها پاشا دەیاری دەکات .

پاشا هێمایەکە بۆ خودا و بانگی خەڵکی دەکات بۆ هاتنە نێو شانشینیەکەی خۆی وە هانیان دەدات بەو پەڕی خۆڕاگری و ئارامیەوە تاوەکو بێنە نێو شانشینیەکەیەوە ، وە دەبێت خەڵکی وەڵامدانەوەیان هەبێت بۆ بانگەوازەکەی خودا ئەگەر بیانەوێ بچنە نێو شانشینی خوداوە . یۆحەنا ١٤: ٦ ؛ کردار ٤: ١٢ .

ئەم نمونەیە پڕە لە واتاو مەبەست ، دەکرێ بە سێ بەش لێی بڕوانین وەك یەك نمونە و یەك پەیام ومەبەست :

بەشی یەکەم لە چیرۆکەکە ڕەتکردنەوەی داوەتی پاشایە .

ئەم پەیامە گرنگە لەم بەشەدا واتە خودا زۆر ئارام دەگرێت بەتایبەتی لەگەڵ خراپەکارانی جیهان بەڵام ئارامی خوداو گوێندان پێی سنوری هەیە مەتا ٨: ١١- ١٢ ؛ ٢١: ٤١- ٤٤ .

بەشی دوەم لە چیرۆکەکە پڕ بوونی هۆڵی زەماوەندەکەیە .

ئەم پەیامەش گرنگە لەم بەشەدا واتە خواست و پلانی خودا شکست ناهێنێت بڕوانە ئیشایا ١٤: ٢٤، ٢٧ ؛ مەتا ٢٨: ١٩ ؛ لۆقا ٢٤: ٤٤- ٤٧ ؛ ١پەترۆس ٢: ٩- ١٠ .

بەشی سێ یەمی چیرۆکەکە تایبەتە بە ئەو کەسەی جلوبەرگی زەماوەندی نەپۆشیوە .

ئەم پەیامەش گرنگە لەم بەشەدا واتە خەڵکی ناچنە نێو شانشینی خوداوە بە مەرجە کەسێتیەکانی خۆیان بەڵکو بە مەرجی خودا . عیسای مەسیح ڕێگایە هیچ کەسێ نایەت بۆلای باوك بەبێ ئەو یۆحەنا ١٤: ٦ ، ئەم بەشە پێداگری دەکات لەسەر بەرپرسیارێتی کەسێتی لە پۆشینی جلوبەرگی زەماوەند وە بەرپرسیارێتی هەڵەی نەپۆشینی جلوبەرگی زەماوەندەکە .

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بکەن ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .